# فەرهەنگۆك


❖ پێشەكی .
❖ مەبەست لەنووسینی ئەم توێژینەوەیە .
❖ تایـــــــە .
❖ تایەی رادیال ــ Radial ــ چیە؟ .
❖ تایەی زستانە و تایەی هاوینە .
❖ تایەی بارو تایەی گواستنەوە .
❖ خوێندنەوەی تایە .
❖ خوێندنەوەی هێماوژمارەكانی سەرتایە .
❖ هەڵبژاردنی تایە .
❖ تەمەنی تایە .
❖ پارێزگارییكردنی تایە .
❖ خشتەی رێگەپێدراو بۆخێرایی تایە .
❖ هاوكێشەی دۆزینەوەی خێرایی .
❖ كورتەی توێژینەوە .
❖ سەرچاوەكان .

# پێشەکی:ـــ

بەپێویستمزانی کەبابەتێك بۆباسەکەم هەڵبژێرم کەسوودێکی بەرچاوی هەبێت , یەکەم بۆدامودەزگاکانی حکومەتیھەرێم و کەمکردنەوەی بەفیرۆچوونی سامانیۍنەتەوایەتییمان , دووەمیش بۆکەمکردنەوەی کارەساتی ئۆتۆمبێل و پاراستنی گیانوسامانی هاووڵاتیان . لەبەرئەوهۆیانە بابەتی( تایە)م هەڵبژارد، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی زانیاریم لەسەری لەچەند خولێکی ناوەوە و دەرەوەی عێراق وەرگرتووە . ئەوە سەرەڕای خوێندنەوەی چەند نوسراو وپەڕتووك لەسەر ئەم بابەتە , بۆنموونە ئەگەر گویێ نەدرێتە بنەما سەرەکیەکانی خەسڵەتەکانی (تایە ) لەکاتی گۆڕینیدا ,یان کڕینی ئۆتۆمبێلێك لەدەستی دووهەمەوە ,ئەوا دوورنیە بەهۆی ئەو فەرامۆشکردنانەوە , بۆنموونە وەك { تەقینی تایەکان / داخزان و هتد..} چەندیین روداوی جەرگبڕ بکەوێتەوە , هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە زۆر رووداوی پێکدادانیش , کەم تا زۆر هۆکارەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری ( تایە ) .

لەم باسەماندا کەبریتیە لە بنەما سەرەکیەکانی ( تایە ) و خوێندنەوە و وردبوونەوە لەوردەکارییەکانی نوسراوی سەر ( تایە ) و چۆنیەتی پارێزگاریکردنی , بێشك ئەبێتەهۆی کەمکردنەوەی کارەساتە دڵتەزێنەکان و کەمکردنەوەی زەرەرو زیانە مادیەکان .

ئەندازیار

عمر محمد محمود

/ ١ / ٢٠٠٦

## مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە :ـ

لەئەمڕۆدا ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ,لەئاستێکی فراواندا چۆتە ژیانی رۆژانەی هەموو هاوولاتیانەوە , هەربۆیەکە هەر کەموکوڕییەك لەبارەی نادرووست بەکارهێنانیەوە , کارییگەری خراپ و کوشندەی ئەبێت بۆ گیان و سەروسامانی هاوولاتیان . لەبەرئەوەی ( تایە), کەرێژەیەکی زۆر لەکارەسات و رووداوەکانی لەئەستۆدایە و گرنگترین ئەڵقە و باسی ئۆتۆمبێلە و , زۆر لەمێژە , بۆم دەرکەوتووە کەهاوولاتیانی کۆمەڵگەی خۆمان , زانیاری زۆر کەمیان لەبارەیەوە هەیە و , هەتا ئێستاش پرسی ( تایە ) بۆ ئۆتۆمبێل, وەك جوتێ پێلاو سەیردەکرێت ,بەو واتایەی کەهەچکاتێك ئەوجووتە پێلاوە کەلکی نەما, ئەوا بۆت هەیە بەجووتێکی‌تر بیگۆڕی و بەهەمان پێوەر بەکاریبهێنیت . بەلام ئەوە لەراستیدا یەك بۆچوونە بۆ دوو شتی زۆرجیاواز و ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە , هەروەك لەخوێندنەوەی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەکڕینی یان گۆڕینی تایەدا, چەندین هێما هەیە کەپێویستە رەچاویانبکرێت و , هەچکاتێك کە پێش رووداو زەنگی مەترسی لێئەدا , ئەوا پێویستە ئاگاداربین . چونکە بەهۆی ئەو پشتگوێخستنەوە چەندین رووداو و کارەساتی دڵتەزێن هاتوونەتە رووداناەوە و, زۆربەیان ئەگەڕێنەوە بۆنەبوونی زانیاری تەواو و درووست لەخوێندنەوەی ئەو هەموو هێمایانەی کەلەسەر ( تایە) نووسراوە , لەلایەن بەشێکی زۆری ئەو خاوەن ئۆتۆمبێلانەوە .

زانیارییگەلێك لەبارەی { هێزی تایە و بەرزی و نزمی پلەی گەرما و تەمەنی تایە و هەروەهاش جیاوازییەکانی نێوان تایەی بار و تایەی گواستنەوەی نەفەر }و زۆر وردەکاری‌تر کەلەم باسەماندا ئامارژەیان بۆکراوە و , هەروەهاش ئەوەی کەچۆن پارێزگاری لەتایەئەکەین کەتا(١٦٠٠٠٠)کم بەرەوژوور بەرگەبگرێت و،تاڕادەیەك بکرێت لەکارەسات بەدووربین .

# تـــايـــه

بۆدرووســـتكردنی ( تايـــه) , كۆمپانياكـــان دووجـــۆره كەرەســـەی خـــاوی لاســـتيك بەكاردەهێنن, كەئەمانەن :ـ

١ـ لاستيكی سروشتی , لەجۆرێك داری سروشتی دەرئەهێندرێت دوای بريندارکردنی, هاوشێوەی داری ( بنێشت) و , ئەمجۆره داره له ولآتانی { ماليزيا و ئەندۆنيسيا }دا زۆره و , ناسراوه به ( داری لاستيك ـ شجرة المطاط ـ) .

٢ــ لاستيكی دروستكراو ( المطاط الصناعی ) :.

لەراستيدا ئـەمجۆره لاستيكه باسێكی زۆر دوورودرێـژ لـەخۆ هەڵـدەگرێت , هەربۆيەكـه لێرەدا تەنها ئەوەنده بەپێويست ئەزانين كەئاماژه بەوەبدەين كەجۆرێكه لەپێكهاتەی تايه .

( تايـه) , بريتيـه لەســەرينێكی هــەوايی لــەناو قەوارەيــەكی لاســتيكيدا و , توانــای هەڵلوشينی ـ قوتدان ـ بەرد و زيخ وتەدیتری لەم شێوانەی هەيە و نابێتەهۆی لەرزين و هەڵبـەزو دابـەز و نائـارامی بـۆ سەرنشـينەكانی , ئـەوه بێجگـە لەهـەبوونی تايبەتمەنـديی كەمكردنەوەی شۆك لـه چاڵوچۆڵيدا ،لەكاتی رۆيشتنيدا و ، هـەتا ئێسـتا بـەديلێكیتر نيـه كەجێگەیئەم سەرينه هەواييه بگرێتەوه .بڕوانەئەم وێنەيەی خوارەوه .




**هەرچەندەلەساڵی (١٩٤٥)دا , یەکێ لەکۆمپانیا ئەمەریکیەکان جۆرە تایەیەکی بەرهەمهێناو خستەبازارەوە , کەلەجیاتی ئەو سەرینە هەواییە , تایبەتمەندیەکەی بە (سپرنگ) درووستکرد , هەروەك لەم وێنەیەدا دیارە ، بڕوانە ئەم وێنەیەیخوارەوە:ــ**

**بەڵام لەبەرئەوەی ڕەواجێکی ئەوتۆی پەیدانەکرد و, هەروەهاش نەیتوانی شوێنی ( سەرینە هەواییەکە ) بگرێتەوە , هەربۆیەکە ئێستا تەنها لەهەندێك کاری تایبەتدائەوجۆرەتایەیە بەکاربێت , وەك تایەی ئەو ( لۆری و دەمپەڕانە )ی کەلە کێڵگە نەوتیەکان و کانەبەرد و خەڵوزەکاندا بەکارئەهێنرێن .لەبەرئەوەی ئەمجۆرە ( تایە)انە , قەبارەیان یەکجار گەورەیە و نایەنە سەرشەقامەکان و, هەروەهاش کاتێك کە پەنچەردەبن , چاککردنیان وەك تایەی ئاسایی نابێت , لەبەرئەوەیە کەکێشەی گەورەیان بەدواوەیە بۆ کۆمپانیاکە، ئەگەرلەجۆری (سەرینە هەواییەکە بێت) .**

**قەبارەی ئەم تایانە ئەگاتە ( ٤ )مەتر بەرزی بۆ بەرەوژوور** - kenes- tire - specification - **, هەروەها لێرەدا پێویستە کەئەوە بڵێین ئێستا و چەند ساڵێکە کۆمپانیا گەورە و بەناوبانگەکانی جیهان , ( تایەی چوپ) ناخەنە بازارەکانیانەوە , بەڵکو تەنها تایەی** -tubless – **نەبێت کەبەتایەی (چوپلێس ) ناسراوە .لەبەرئەوەی تایەی چوبلێس خەسڵەتی زۆرباشی هەیەو، هەمووشفێرێك یان خاوەنئۆتۆمبێلێك هەست بەوخەسڵەتە باشانەئەکات لەوانە ماندوو نابێت بەکردنەوەو بەستنەوەی تایەوە و، شۆفێر ئەتوانێت بۆچەندکیلۆمەترێك ڕێگابکات و بگاتەلای پەنچەرچی پێشئەوەی ویلەکەی بگاتەسەرزەوی ، بەتایبەت لەپەنچەری بچووك ومامناوەندیدا .**

# تایــــــەی رادیـــــال



رادیــال (( radial )):بــەواتای ئــەوەدێت کــەمۆدێلی تایەکــە تازەیــە و بەرێژەیــەکی دیارییکراو پشتێنەی سیمی پۆڵای بۆکراوەو،لەچەند قاتێکیپۆلیستەرونایلۆن پێکهاتووە و،بەمشێوەیەی خوارەوەو،لەسەرتایە ئاماژەی بۆ ئەکرێت:ــ

TREAD ٢POLESTER+٢STEEL+١ NYLON SIDWALL٢ POLESTER

هەتا دواساڵەکانی ( ١٩٧٠)کان, زۆربەی تایەی ئۆتۆمبێل لەچەند قاتێکی لەسەریەکی (کــەتان) درووســتدەکرا , ئــەوەبێ ئــەوەی کــە ســیمی پــۆڵای تێکــەڵاوبکرێتن . بۆیەکــە ئەمجۆرە تایەیە تەمەنی لە( ٣٠ ٠٠٠ )میل , واتە(٤٨٢٨٠) کم , زیاتر نەبووە , ئەوە بێجگــە لەناتەواوییــەکانی ــــ wisgeek ــــ تــر ، کەتیایــدا دەرئەکــەوت , وەکــو جیابوونەوەی قاتە کەتانەکان ( دووپۆست) کەلە وشەی _ dipost _وە هاتووە . بەرگری کەمتر بوو لەبەرد و تەنی رەق و بزمار و شتیتر . لەدوای ئەوساڵانەوە،زۆربەی کۆمپانیاکان جۆرێکی تریان خستە بازارەوە کەپێیئەوترێت ((radial))رادیال , ئــەمجۆرە پشــتێنەی ســیمی هەیــە . ئــەو ئۆتۆمبێلــەی کەتــەواوبێت (١٠٠٠٠٠) میــل بەرەوژوور،واتە( ١٦١٠٠٠) سەدووشەست ویەك هەزارکیلۆمەتر،تەمەنیەتی .

wisgeek ـ کەبریتیە لەچەند قاتی زۆربەهێزی پۆلیستەر ونایلۆن بەهەمان قاتی (کەتان ) پێوەرئەکرێت , (( بۆنموونە هەروەك چۆن رووناکی گڵۆپێك بە مۆم ئەپێورێت )) { ٤/قات , ٦/قات , ٨/قات , ١٢/قات } و هەتا قاتەکانیش زیاتربێت , زیاتر نرخی بەرزئەبێتەوە . ئەمجۆرە جگەلەوەی تەمەنی زیاترە , بەرگریشی بەرامبەر بەو تەنانەی کەلەکاتی رۆیشتندا بەرەوڕووی ئەبێتەوە .

# تایەی زستانەوهاوینە

لەسەر هەموو جۆر و قەبارەیەکی ( تایە ) ئاماژە بۆ پلەی گەرما , کراوە و , زۆر گرنگە کەلە کاتی کڕیندا رەچاوییبکرێت . هەروەك لەم هێڵکگارییەی خوارەوەدا دیارە , بەرزتریین پلەی گەرما ( ٤٠ ) پلەی سەدیە و نزمتریین پلەی گەرماش ( ١٥ ) پلەی سەدیە .

| |
|---|
| Max Tem ٤٠ c |
| Min Tem ١٥ c |

لە وڵاتێکی وەك ( عێراق )دا , نزمتریین پلەی گەرما لە ( هەرێمی کوردستان )دا زۆرجاران ئەگاتە ( – ١٠ ) و , لەهاوینیشدا ئەگاتەسەروو ( ٤٨ ) . لەبەرئەوەیە کە زۆرستەمە , ئەو پلە بەرز و نزمە لەتایەیەکدا نوسرابێت و , یاخود لەوجۆرە دەستبکەوێتن , بۆیەکە باشتر وایە کە ئەو تایانەی لەزستاندا بەکارئەهێنرێن ، لەوەرزی هاویندا , هەڵبگیرێن بۆ زستانێکی تر و هەروەك لە وڵاتانی ئەوروپادا پەیڕەوی لێدەکرێت . چونکە ئەگەر لەرابردوودا گیرفانی هاووڵاتیان بەجۆرێك نەبووبێت کە ئەم خاڵە گرنگەی بۆ پەیڕەوکرابێت , ئەوا ئێستا بۆ زۆربەی هاووڵاتیان پەیڕەوکردنی لەهەموو روویەکەوە سوودبەخشە . بێگومان ئەوە ئەبێتەهۆی کەمبوونەوەی روداو و زەرەروزیانەکانی پێکدادانەکان و خزان و وەرگەڕان , ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :_

١. لەتەکنۆلۆژیای بەکارهاتووی تایەی زستانەدا , بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ لاستیکی سەر رووی تایەکەدا کراوە , کەلەپلەی زۆر نزمیشدا بەوجۆرە رەق نەبێت تاهێزی لێکخشانی نێوان زەوی و رووی تایەکە , تارادەیەك بەرەو نەمان بچێت , بەتایبەتی کە ئەو هێزەش

کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ مەلاسبوونی رووی تایەیئۆتۆمبێلەکە بەرووی‌زەویەوە , لەکاتی وەستاندا , یانوەکو لەکاتی لاکردنەوەدا . بەمشێوەیەش رادەی کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێل زیاترە لەو ئۆتۆمبێلەی کە تایەی پلە گەرما بەرزی لەژێردا بێت لەوەرزی‌زستاندا,ئەوەش لەبەر رەقبوونی رووی تایەکە و کەلەخاڵی(٢)ی ئەم بەشەماندا باسی لێوەئەکەین .

لەولاتی خۆماندا , تەنها جۆری تایە پلەنزم بەسە , بۆپەیڕەویلێکردن لەوەرزی زستاندا, بەلام لەو ولاتانەی کەبەدرێژایی وەرزی زستان و،بگرە مانگێکیش لە پایزو بەهاریان , هەر سەهۆڵبەندانە و سەرماو تەڕوتووشی هەر درێژەی هەیە . هەربۆیەکە لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کە تایەی زستانەیی بەکاردەهێنن , تایبەتمەندییەکی‌زیاتر لەتایەی‌زستانەییانداهەیە و، ئەوەش بریتیە لەجۆرێك کە بزماری تایبەت بەڕووی ئەوبەشەوەیەتی کەلەگەڵ زەویدا ئەچنەسەریەك , بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێلەکە , هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا ئەبینرێت ,لێرەدا پێویستە ئەوەبزانین کەلەو ولاتانە پۆلیسی هاتوچۆ سزای مادی ئەدا بەسەر سەرپێچیکەراندا .



٢ـ بەهەمانشێوە لەدرووستکردنی ( تایەی هاوینە ) یانوەکو تایەی پلەگەرمابەرزدا , تایبەتمەندییەکی پێچەوانەی تایبەتمەندی تایەی پلەگەرمانزم بوونی هەیە . بۆنموونە , با بڵێن تایەی پلەگەرمانزم , لەهاویندا بەکاربهێنین, تابگەینە ئەو باوەڕەی کە چ زیانێکی بەدواوەیە و, زیانەکەشی لە زیانی مادیی زیاترنیە , ئەمە چۆن ؟؟؟؟ :

ئەوتایەیەی کەبۆوەرزی زستان درووستکراوە , یان بۆ پلەی گەرمای نزم , خۆی لەخۆیدا ،لەو پلەنزمەی زستاندا ,جۆرێك لەنەرمی تیادایە, جا گەربێتو لەوەرزیهاویندا , پلەی گەرما بۆ سەرو ( ٤٥ )پلە بەرزبێتەوە , بێگومان نەرمی لاستیکی تایەکە زۆر زیادئەکات و هێزی لێکخشان بەڕوویگەرم و زبری شەقامێکی هاوینەدا , بەرزئەبێتەوە و،داخوران درووست ئەبێت لەرووی‌تایەکەدا، هەروەك چۆن تەنێکی نەرم و تەنێکی رەق , لەنەرمەکەئەخورێت, ئەواتەمەنی تایەکە ئەبێتە ( ٢/١ ) بۆ( ٣/١ )ی تەمەنی ئاسایی . هەربۆیەکە زۆرجار , ئەبینین کە کڕیاران گلەیی لە کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان ئەکەن , یانوەکو ئەڵێن تایەکەم بە ستۆکی کڕیوە . لەبەرهەمووئەوانەیە کەلەسەر (حکومەتی هەرێم) پێویستە لەرێگەی‌بریکارەکانی‌تایەوە تابۆی‌بکرێت ئەوجۆرە تایانە هاوردە بکاتن کەپلەی گەرمیان توانای تاسەروو ( ٤٥ )پلە بێت .بۆیەکەش کۆمپانیاکان ئەو تایانەی کەبۆ ولاَتانێکی وەك { سوید و نرویج و ولاَتانی هاوشێوەیان ...}ی ئەنێرن , تایبەتمەندییەکانی جیاوازە لەو تایانەی کەدەینێرنە ولاَتانی هەوا گەرمی وەك ولاَتانی { کەنداوی عەرەبی و هاوشێوەیان ...} .

لەمبارەوە پێویستە ئەوەبڵێین کە لەمانگی {فبرایری/ ٢٠٠٤}داو هەریەك لە کۆمپانیاکانی { مشلن و یۆکۆهاما } جۆرێکیان لەتایە خستە بازارەوە کە پێیدەوترێت تایەی هەموو وەرزەکان ـ **TIRE for allseasoN** ـ کە گرەنتی ( ٨٠٠٠٠ )میلی لەگەڵدایە و, مامەڵەیەکی وەها لەگەڵ لاستیکەکەیدا کراوە کە لەپلە گەرما بەرز و نزمەکاندا , تایبەتمەندی خۆی تێکنەدا یان , وردتر بڵێین لەدەستنەدا, بەلاَم نرخەکەی لە دوودەستە ـ تاقم ـ تایە، زیاترە کە بمانەوێت تاقمێکی‌لەزستانداو، ئەویتریان لە هاویندا ، ببەستین .

# تایەی بارو تایەی نەفەرگواستنەوە

بێگومان ئەوتایانەی کەبۆ گواستنەوەی نەفەر بەکارئەهێندرێن، بەم نووسینە (light load) ئاماژەیان بۆکراوە,بەواتای باری‌سووك. ئەم تایانە تایبەتمەندی بەرگری خێرایان تیادارەچاوکراوە , هەروەك لەخشتەی خێراییدا, هێمای(z --- p ) یان بۆکراوە ، کەئەم خێراییەش پەیوەندی بەبەرگری هێزی لێکخشانەوە هەیە, واتەهەتا خێرایی زیادبکات ئەوهێزەش بەرزئەبێتەوە .

بەلاَم لە (تایەی بار) یان کاری سەخت وقورسدا کەبە ( heavy duty) ئاماژەی بۆکراوە, ئەمجۆرە تایانە, لەبەرهەمهێنانیاندا, تایبەتمەندییەکی جیاوازیان هەیەو، قاتەکانی زیاترو پتەوترن و، هێزی پاڵەپەستۆیان زیاترە و، توانای هێزی شاقوڵی‌بۆسەر تایەکە لەهەردووجۆرەکەدابەمشێوەیە ئاماژەیان بۆکراوە :ـ


Max L = ٧٠٠ p (پاوەند)

Max L = ٣٢٠ kg

بەوپێیەی کەهەر (پاوەندێك) = ٤٥٣گم و، پێویستە ئەوەبزانین کەلەهەمانکاتدا نەخشی سەررووی تایەی بار جیاوازە لەگەڵ تایەی نەفەر / یان باری سووك .


# خوێندنەوەی تایە


هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدادەردەکەوێت ،ئەبینین کە (تایە) تایبەتمەندی زۆری تێدایەو،هەندێکیان لەکاتی گۆڕینیدانیان کڕینیدا، زۆرگرنگن وپێویستە کەرەچاوبکرێت و،هەروەهالەگەڵ ئەوئۆتۆمبێلەی کەتایەکەی پێویستە بگونجێت.لێرەدا لەسەرهەریەکێك لەتایبەتمەندیەگرنگەکان،کورتەباسێك پێشکەش ئەکەین، هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەون:ـ



# خوێندنەوەی هێماوژمارەکان

١) ( ٢٠٥ )= پانایی رووی تایەکەیە بەرامبەر رووی زەوی، کەبە(ملیمەترە)، واتە(بیست ونیو)سم ، هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدادیارە .لەهەمانکاتیشدا، هەندێك کۆمپانیای تایە هەیە کەئەم پانابیە بەئینج ئەژمارئەکات و،ئەم پێوانەیە بەوجۆرە دەرئەکەوێت




کەلەبەشی خوارووی‌تایەکەدا دیارە . هەرکاتێك ویستمان کەتایەی (٢٠٥)ملم بکڕین، ئەوا بەپێوەری(ئینچ)، پێویستەکە(٨.٠٠)ئینچ بێت،هەروەك واباوە کەئەڵێین(٨.٠٠) بە(١٥) یان بە(١٦).بەڵام لە راستیدا خۆی(٨)ئینجە و، لەتایەی گەورەی‌باردا، نوسراوە (١٢.٠٠)ئینج.

٢) (٧٥) = بریتیەلەپەیوەندی بەرزی تایە لەگەڵ پانایی رووی تایە،هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە . واتەئەم ژمارە(٧٥)ە ئەوەئەگەیەنێت کەبەرزی تایەکەلەزەویەوە بۆقەراغی ویلەکە بریتیەلە (٧٥٪)پانایی رووی تایەکە .

٣) (radial)= (R)جۆری تایەکە (رادیاڵ )ە، ئەمجۆرە تایەیە لەبڕگەی (رادیاڵ)دا بەدرێژی ئامارەی بۆکراوە .

٤) ( ١٥ )= ئەم ژمارەیە تیرەی ئەو ویلەیە کەتایەکەی لەسەرئەبەسترێت،یانوەکو تیرەی‌بۆشایی تایەکە، هەمووکۆمپانیابەرهەمهێنەرەکانی تایە لەجیهاندا ئەوماوەیەبەپێوەری (ئینج) ئەپێون .



٥) ( c ) = comrical = بازرگانی .

٦) (Q) = ئەم سیمبڵە کەئەکەوێتە دوایھەموو هێماوژمارەکانیترەوە، گوزارشت بەبەرزترین خێرایی رێگەپێدراو ئەکات لەوتایەداو،سمبڵی(Q)، بریتیە لەخێرایی (١٦٠)کم لەکاژێرێکدا ، هەروەك لەخشتەی ( تایبەتمەندی خێرایی)دا روونکراوەتەوە .

٧) ( p ) :ئەم سیمبڵەش لەهەندێك تایەدا ئاماژەی بۆئەکرێت و،ئەکەوێتەپێش هەموو هێماوژمارەکانەوە و،گوزارشت لە پێوانەی {ئەوروپی} ئەکاتن . یانوەکو (LT)

P ٢٠٥ / ٧٥ / R / ١٤ CQ

LT ٢٠٥ / ٧٥ / R / ١٤ CQ

٨) MUD & SNOW=M & S واتە ئەم تایە بۆقوڕو بەفروسەهۆڵبەندانیش بەکاردێت .

٩)( ) ئەم سیمبڵەش گوزارشت لەوتایەیەئەکات کەتایبەتەبەکارهاتن لەبەفروسەهۆڵبەندان .

# هەڵبژاردنی تایە

لەکاتی هەڵبژاردنی تایەدا، بێجگە لەخوێندنەوەی تایبەتمەندییەکانی تایە، زۆرپێویستە لەسەرمان کەلەسەرخواستی خۆمان ، بەرزی ونزمی تایە هەڵنەبژێرین ، ئەویش لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:ـ

- هاوکێشەی نێوان خێرایی رۆیشتنی ئۆتۆتمبێل و گێچی کیلۆمەتر، تێکئەچێت و، بەوپێیەش لێخوڕی ئۆتۆمبێل ئەکەوێتە هەڵەو نادروستیەوە .

بۆنموونە: ئەگەر بەرزی تایەی ئۆتۆمبێلێك ( ٧٠)سم بێت و، جۆرێکی بۆهەڵبژێریت کە( ٧٧)سم بێت ، ئەوا ئەم تێکچوونە بەپێی ئەم هاوکێشەیە تێکدەچێت و خێرایی ئۆتۆمبێلەکە بەرزئەبێتەوە، لەبەرئەوەی خولانەوەیتایەکە لەهەردوو بەرزیەکەدا وەکو خۆیەتی،بەڵام خێرایئۆتۆمبێلەکە ئەگۆڕدرێت، لەبەرزیادبوونی چوارچێوەی چوار دەوری ـ محیط ـ ی تایەکە .


٧٠ X ٧\٢٢ X ٥٠٠٠٠(خولانەوە) = ١١٠٠٠٠م / کاتژمێرێك = ١١٠کم/ کاژێرێك ، لەحاڵەتی ئاساییدا، کەبەرزی تایەکە بەپێیکۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێلەکەبێت .

٧٧ ٢٢X ٧\ X ٥٠٠٠٠ = ١٢١٠٠٠ م / کاژێرێك = ١٢١کم / کاژێرێك،لەتایەیەکدا کە(٧)سم بەرزتربێت لەرێنمایی کۆمپانیای بەرهەمهێنەریئۆتۆمبێلەکە .

- کارییگەری لەسەر(برێك) ، ئەبێت بەهۆی زیادوکەمبوونی هێزی لێکخشان لەسەر رووی تایە .
- ئاڕاستەکردنی رووناکی گڵۆپەکان ،لەشەودا، بۆشەقام،وەکخۆی نامێنێت .
- پێویستەلەکاتیگۆڕیندا،هەرچوارتایەکە،بەیەکەوەبگۆڕدرێت و،ئەگەرهەرنەکرا،ئەوادواذیبەرامبەر بەیەك بگۆڕدرێت .


# تەمەنی تایـــــە

**هەموو کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە بەناوبانگەکانی تایە , ئاماژە بە جۆر و قەبارە و ئەدگار ــ مواصـفات ــ کـانی,تایـەکانیان ئەکـەن سـەبارەت بەساڵیدرووسـتکردن . بەمشـێوەیە –DOT ــ و چوار ژمارەی دوای , هێمایە بۆساڵی درووستکردنە ، چ لەدەرەوەی دیواری تەنیشتی تایەکە بێت یان لەناوەوە . هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەرئەکەوێت :ـ**





**واتە – DOT XXX XXX ٠٨٠٣ --- ئەوەش بەواتای ئەوەدێت کەئەوتایەیە لەهەفتەی هەشتهەمیساڵی( ٢٠٠٣ )دا درووستکراوە و, ئەو تایەی کە ماوەی (٦) ساڵ بەسەر درووستکردنیدا تێپەڕبێت ئەوا ئیتر بەکەڵکی بەستن نایەت , لەبەرئەوەی کەتایەی ئێستا هەمووی ( radial )ە , ئەویش لە پشتێنەی سیمی تەلی پۆڵایتێدایە, کەدوای ئەوماوەیە ئەگەری لەیەکتر جیابوومەوەی هەیەو، ئەبێتەهۆی گێڕی تایە . لەباسی خوێندنەوەی ( تایە)دا , ئاماژە بە تایەی ( رادیال ) کراوە .**

لەلایەکی ترەوە , زۆربەی جۆرەکانی ( تایە ), ئاماژە بەتەمەنی رۆیشتنیان کراوە , هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا , ئەیبینین .




لەم وێنەیەدا, چەند پارچە لاستیکێکی پتەو ئەبینین کە کەوتۆتە قولاّیی ئەو(٣) خەتە ئەڵقاوئەڵقەی تایەکەوە و , لەهەموو خەتێکدا ( ٥ ـ ٧ ) رەچاوئەکرێت و, واتای ئەوەیە کە تایەکە سواوە و گەیشتۆتە ئەوئاستەی ئاگاداربیت کە (ملیم ونیویێك) ماوە، بۆئەوەی کەتایەکە لەکەڵکبکەوێت . سەبارەت بەپارچە لاستیکە پتەوەکەشی بەمجۆرەیە ـــ ـــ . لەهەمانکاتیشدا هەندێك تایە



هەیە کەلە دیواری دەرەوەیدا نوسراوە -- life linE -- , واتە خەتی ئاماژە بەتەمەنی تایەکە لەسەر ئەم تایەیە هەیە .

**ئەمــــەش وێنەیــــەکیتره لــــەخوارەوه کەئاناژەبەتەمــــەنی تایەئــــەکات لەبەرهەمــــەکانی کۆمپانیای{میشلین} ،بڕوانه ئەم وێنەیەی خوارەوه :ـ**




# پارێزگارییکردنی تایە

**١▬ هاوسەنگی ــ بالانس ــ :ـ**

تێکچوونی بالانس بەهۆی وەستانی لەپڕ , لەکاتی رۆیشتنی خێرادا. لەمحاڵەتەدا تایەکە کەمێك جادەکە رەشدەکات و, ئەوەش واتای ئەوەیە کە چەندگرامێك لەتایەکە بۆتەوە و پێویستە پێوەیبلکێتەوە . ئەو کارەش بەهۆی بازنەیەك ـــ قرص ـــ ێکەوە ئەکرێت کەبە کێشێکی دیارییکراو بە ویلەکەوە چەسپێەکرێت , بۆنموونە , ئەگەر ( ١٥)گم لەتایەکە رۆیشتبو , ئەوا لەخێرایی ( ١٢٠)کم ـــ ١٢٠ × ١٥ = ١٨٠٠ گم / کم ـــ بارستایی , ئەمەش ئەبێتەهۆی لەرزین و , لەمبارەشدا, کاردانەوەی خراپی بۆ پێش ئۆتۆمبێلەکە هەیە لە { رۆت و بۆلبڕین و هتد ...}و،پێویستئەکات کێشی ئەو(قرص)ەی کەپێوەیئەلکێنین (١٥)گم بێت ویەکسانبێت بەولاستیکەی کەلەکاتی وەستانە خێراکەدا ، لێیبۆتەوە .

**٢▬** لاربوونی رووی تایە, لەسەر رووی زەوی ئەبێتە هۆی داخورانی تایە و, تەمەنی زۆر زۆر کەمئەبێتەوە و , خۆی بەشەقامەوە ناگرێ و , دوور نیە کە کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە , بۆیەکە پێویستە کەهەرکاتێك چووینەلای فیتەر بۆ گۆڕینی ( چبنە ), یان ( بۆلبڕین ) و یان هەچ کەرەستەیەکی تر لەپێشەکەیدا , ئەوا جارێکیتر ,پێویستە چێکی لاریی تایەکە هاوسەنگ بکرێتەوە .تکایە بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە :ـ



**٣ــ کاریگەری سووتەمەنی :ـ**

**راگرتنی ئۆتۆمبێل لەگەراجێکدا کە{نەوت وبەنزین و گازیشلی} تیادا رژابێت ،ئەبێتەهۆی توانەوەوشیبوونەوەی ئەوبەشەی لاستیکیرووی تایەکە، بەتایبەتیش ئەوبەشەی کەکەوتۆتەسەر یەکێك لەوشلە رژاوانەو،لەکاتیرێکردنی ئۆتۆمبێلەکەدا ئەوبەشە ئەبێتەهۆی شیبوونەوە وبەردانی تایەکەورووداوێکارەساتیناخۆش .**

**٤ــ پاڵەپەستۆی هەوا ــ گێچی تایە ـ :ـ**

**پاڵەپەستۆی هەوا ،پێویستە بەوجۆرەبێت هەروەك لەسەرتایەکە ئاماژەی بۆکراوە،نەك لەسەرئارەزووی پەنچەرچی، کەزۆربەیان لەوڵاتە دوواکەوتوەکاندا ، یان نەخوێندەوارن، یانوەکو خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە .ئەم پاڵەپەستۆیە لەسەر توانای ئەو تایەیە بەندە کەپلەکەی بۆهەڵبژێردراوە،هەروەك لەم (٣)وێنەیەیخوارەوەدا، ئاماژەی بۆکراوە .**





**زۆرجار، پارچەلاستیکی ئەڵقاوئەڵق،لەسەر لارێگاکانی دەرەوەدا ئەبینین، لەراستیدا هۆی ئەوەئەگەرێتەوە بۆئەوئۆتۆمبێلانەی کە دوو تایەی لەریزی یەکتریان هەیە، کاتێك یەکێکیان پەنچەربووە وهەوای دابەزیووەو شانەکانی چۆتەسەر زەوی و شۆفێر لەکاتی خۆیدا پێینەزانیووە، لەبەرئەوەی تایەکەیتری باری ئۆتۆمبێلەکەی راگرتووە . بۆیەکە پێویستەشۆفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هەموو( ٢٠ ــ ٢٥ )کم، بووەستێت و تایەکانی ئۆتۆمبێلەکەی چێکبکاتەوە و، هەروەك لەوێنەی یەکەمیاندا ئاماژەی بۆکراوە ، لەپاڵەپەستۆی هەوای کەمدا .**


هەرچی سەبارەت بە پاڵەپەستۆی زیاد لەپێویستیشە ــ هەروەك لەوێنەیدووەمدا ئاماژەی بۆکراوە ــ ، لەمحاڵەتەدا دەبینین ناوەڕاستی رووی‌تایەکە دەرئەپەڕێ و ئەچێتە سەر رووی زەوی و، بەماوەیەکی کەم رووی تایەکە ئەسوێ و تەمەنی زۆرکەم ئەبێتەوە .

سەبارەت بەحاڵەتی سێهەمیش کەپاڵەپەستۆی رێگەپێدراوە لە(تایە )دا،هەروەك لەوێنەی سێهەمدا ئاماژەی بۆکراوە، دەبینین کەهێزی شاقوڵی بەتەواوی رووی تایەکەدا بڵاوئەبێتەوەو هەموو پانایی رووی تایەکە لەگەڵ زەویدا ئەکەونەسەریەك و، تایەکەتاتەواوبوونی ئاسایی ئەبێت .

٥ــ هەڵگرتنی تایە لە کۆگادا ، یان لەماڵاندا :ــ

لەراستیدا لەسەر بریکارەکانی تایە و دوکاندارە تایە فرۆشەکان ،پێویستە کەتایە لەسەر یەك هەڵنەچنن . هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت و ئاماژەی بۆکراوە . لەبەرئەوەی کەئەمجۆرە هەڵچنینە هەڵەیە، چونکە تایەی ئێستا، هەمووی ( رادیاڵ )ە، واتە سیمیان تێدایە و،ئەوسیمەش بۆماوەیەکی زۆر دەقئەگرێ و، ئیتر تایەکە قیافەی خۆی نامێنێ‌و،دوای ماوەیەکی کەم، تایەکە دەستدەکات بەخواربوون .واتە هەڵگرتنی راست بەوجۆرەیە کەئاماژەی بۆکراوە .






٦ــ جێگۆڕکێی تایە :ـ

پێویستەخاوەن ئۆتۆمبێلیان شۆفێردوایبڕینی هەموو (١٢٠٠٠) کم ، لەسەر بنەمایەکی چەسپاو ،جێگۆڕکێ بەتایەکانی ئۆتۆمبێلەکەی بکات،هەروەك لەوێنەی ژمارە(   ) دا، ئاماژەیبۆکراوە . چونکە لەبڕینی ئەوماوەیەدا هەموو تایەکان وەك یەك نەسواون ،ئەویش بەهۆی ئەوەی کەکارییگەری وەستان ـ برێك ـ لەسەرهەر چوارییان وەك یەك نیە , یانوەکو کەموزۆری هەوای تایەکان هەموودەمێ وەك یەك نین , هەروەك لە بڕگەی ( پاڵەپەستۆی زیادو کەمیهەوا) باسی لێوەکراوە( kia– user manwal ) هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا، ئاماژەی بۆکراوە .

لەگەڵ تایەیی یەدەگدا



# تایبەتمەندیی خێرایی تایە

**لەراستیدا لەسەر هەموو تایەیەك وشەیەك هەیە كەئاماژە بە بەرزترین خێرایی رێگەپێدراوی ئەو تایەیە ئەكات و,وەك لەبڕگەی(خوێندنەوەیتایە)دا،بەسیمبڵی ( Q )،ئاماژەیبۆكراوەو،پێویستە لەكاتی كڕیندا رەچاوبكرێتن , هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا هێمای بۆكراوە :ـ**

( pregio kia molors )

| هێمای خێرایی | بەرزترین خێرایی ڕێگەپێدراو |
|---|---|
| p | (٩٣) mph) ١٥٠ km / h |
| q | ( ٩٩) mph ) ١٦٠ km / h |
| r | (١٠٦) mph ) ١٧٠ km / h |
| s | ( ١١٢) mph ) ١٨٠ km / h |
| t | ( ١١٨) mph ) ١٩٠ km / h |
| h | (١٣٠) mph ) ٢١٠ km / h |
| v | (١٤٩) mph ) ٢٤٠ km / h |
| z | (١٤٩) mph ) ٢٤٠ km / h و بەرەوژوور |

# هاوکێشەی دۆزینەوەی خێرایی

زۆرجـار کـەڕووداوێکی ئۆتۆمبێـل ڕووئـەدا، ئـەبینین کـە شـۆفێری، یـان لێخـوڕی ئۆتۆمبێلەکە، داکۆکی لەخۆی ئەکات،بەوەی کەگوایا بەخێرایی ڕێگەپێدراو ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیووە (خێرایی ڕێگە پێدراو لەهەموو شەقامەکاندا ئاماژەی پێدراوە ) و، ئەو بێ هەڵە وبێ تاوانە لەوڕووداوەداو بەوپێیەش ئەیخاتە ئەستۆی قەزاوقەدەر . بەڵام ئەم هاوکێشەیەی خـوارەوە، ئەوڕاستیە دەرئـەخات کـەخێرایی ئۆتۆمبێلەکە چەندبووە لـەکاتی بـەئاگابوونی ئەوشۆفێرەدا، کەهەوڵی وەستانی کتوپڕی ئۆتۆمبێلەکەیداوە ؟؟ ،( اساسیات فیزیاء ) .

# کورتـــەی توێژینـــــەوە

لەدوای رووخانی رژێمی(بەعسی فاشیست)ەوە، خۆشگوزەرانی هاوولاتیان ، رۆژبەرۆژ بەرەوپێشئەچێت و، بەوپێیەش رێژەی زیادبوونی ئۆتۆمبێل لەهەلکشاندایە، ئەمحالەتەش کاریگەری زۆری کردۆتەسەر بەرزبوونەوەی رێژەی کارەساتەکانی رووداوەکانی ئۆتۆمبێل و، تایەش بەپلەی دوای نەشارەزایی شۆفێرولێخوڕی ئۆتۆمبێل دێت، بەتایبەتیش شۆفێرولێخوڕە نوێیە بێئەزموونەکانی ئۆتۆمبێل، کەرۆڵی تایە بەهەند وەرناگرن . جالێرەدا بە( کلێشەو وێنەو هاوکێشەو خشتەی خێرایی)، زانیاری پێویستمان لەسەرتایە روونکردۆتەوە، هەروەهاش چۆنیەتی پارێزگاریکردن لەتایەی ئۆتۆمبێل بەوجۆرەی کە تا ماوەی(٥) ساڵ وبەرەوژوور بەرگەبگرێت ـ ئەوەبێ ئەوەی کێشەدرووستبکاتن ـ .

بۆئەم توێژینەوەیەش پشتم بەزانیاری خۆم وهەندێك کتێبی تایبەت بەتایە و رێنمایی کۆمپانیاگەلێکی تایبەت بەئۆتۆمبێل ( User Manual ) لەگەڵ تۆڕی زانیاریی ــ ئینتەرنێت ــ، هیواشم خواستووە کەکارێك بکرێت بریکارەکانی تایە ، جۆری تایەی گونجاو هاوردەبکەن ، بەوشێوەیەی کەلەگەڵ کەش وهەوای هەرێمەکەماندا بگونجێت و، یاسای هاتووچۆش ، وەك ولاتانی ، پێشکەوتوو ، رەفتار لەگەڵ شۆفێروخاوەن ئۆتۆمبێلەکاندا بکەن سەبارەت بەتایە . نوێی بێئەزموون .

# سەرچاوەكان::ــــــ

١) دەفتەری تێبینی ئەوخولانەی بەشداریم تیاداكردووە سەبارەت تایە .

I. PREGIO kia motors.
II. WISGEEK .
III. USER MANUAL Toyota .
IV. Craws ATO repair & mantenace .
V. Mechilin Tire .
VI. اساسيات فيزياء